# ونبوونی200پەساپۆرتی عیراقی و 3تەقینەوە لە پایتەختی ئەردون(عەممان)!

سەلام عەبدوڵڵا

دوێنێ ئێوارە (لەعەممان) سێ تەقینەوە لە سێ هوتێلدا کراوەو بووە هۆی گیان لەدەستدانی56هاوڵاتی و بریندارکردنی نزیکەی 100کەسی سیڤیل کە یەکێکیان دەرهێنەری سینەمایی بەناوبانگ(موستەفا عەقاد)ە. ئەمە یەکەم تاوانە کە لە چەند دەیەی رابردوو لە ئەردون ئەنجامدراوە، بۆیە بووە هۆی شۆکێکی گەورە بۆ هەموو دانیشتوانەکەی.

گەرچی رێکخراوی(القاقیدە)بەرپرسی خۆی لەبارەی ئەم تاوانە راگەیاند، بەڵام شوێن پەنجەکان بۆ لای موخابەرات و بەعسی لەدەسەڵات لابراو دەمانبات، چونکە ئەم تاوانە پاش بێسەروشوێنکردنی 200پاسپۆرتی نوێی عیراقی لەلایەن کاربەدەستانی باڵوێزخانەی عیراق لە ئۆردون ئەنجامدراوە و ماوەی ئەو بێسەروشوێنکردنە زۆر گونجاوە بۆ رێکخستنی کاروباری تیرۆریستە ئیسلامییەکان:

پێشی چەند رۆژێك، بەرپرسێکی ئاگادار کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ووتی: (پێش مانگ و نیوێك سەفارەتی عیراق لە عەمان 200پاسپۆرتی نوێ بۆ سەفارەتی عیراق لە وەڵاتێکی ئۆروپی رەوانەکردووە، بەڵام بەدەستیان نەگەیشتووە و شوێن وجێگەیان دیار نییە).

شایانی باسە، بێجگە لە باڵوێز و چەند قونسلێك، کاروبارەکانی باڵوێزخانەکانی عیراق هیشتا لەلایەن بەعسی و ئەفسەری موخابەراتی رژێمی گۆڕبەگۆرەوە بەرێوەدەچن.

بۆ نموونە:

1-قونسولی عیراق لە ئەلمانیا(معین برکات) هەر هەمان قونسولی سەردەمی رژێمی(بەعس)ە و (صادق تویچری)هەر هەمان سکرتێری دووهەمی باڵوێزخانەکەیە و نەگۆڕاوە.

2- عالیە سەرسام- هاوسەری سەفیری رابردووی عیراق و بەرپرسی رێکخراوەکانی بەعس لە نەمسا- ئێستاش بەرێوەبەری مەکتەبی سەفیری حکومەتی ئێستایە. موستەشار و(مولحەق)و سکرتێری سێهەم و بەرپرسی دارایی باڵوێزخانەکە هەر بەعسی و موخابەراتی جارانن!

لێرەدا پرسیار دەکەین:

أ- ئایا ئەو 200پاسپۆرتە بە(القاعیدە)، فرۆشراون؟

ب- ئایا وەك لایەنگرانی رژێمی بەعس، بۆ کارئاسانکردنی کاروباری تیرۆریستە بەعس ئیسلامییەکان تەرخان کراون؟

ئەمانە پرسیارن و دەبێ وەزارەتی دەرەوەی عیراق و لایەنە پەیوەندارەکان لێیان بکۆڵنەوە.

وەك دەبینین بەعس و موخابەرات لەناو باڵوێزخانەکان دەستیان درێژە و ئەگەر وەزارەتی دەرەوەی عیراق و پەنابەران و کۆچکراوان هێشتا نەیانتوانیوە بە کردەوە باڵوێزخانەکان لەو تاوانبارانە پاکبکەنەوە، ئەوا ئیتر لە لەسەر هەردوو ئاستدا نابێ چاوەڕوانی بکرێت و دەبێ دەسەڵاتی بەعس لەناو باڵوێزخانەکان بروخێنن!